# دەکرێ ڕۆژی 07-04 بکەین بە ڕۆژی دژی کوشتنی ناموسی و توندوتیژی دژی ژنان لە کوردستان؟

بەردبارانی دۆعا, کۆمەڵگای کوردستان و تەنانەت دەرەوەی کوردستانیشی ڕاچڵەکاند. ڕەنگە کوشتنی دوعاکانی دیکە, هیچییان بەقەد دۆعای بەحزانی سەرنجی کۆمەڵگای بۆ خۆی ڕانەکێشابێ. بەڵام تێپەڕبوونی زەمەن و تەنانەت دەستگیرکردنی تاوانبارانی بەردبارانی دۆعا, دەکرێ کێشەی دۆعا بە ئاستێکی دیکە بگەیێنێت. بەڵام کەیسی زەبروزەنگ بەرانبەر دۆعاکانی دیکەی کوردستان , وەك خۆی دەمێنێتەوە. ئەم جۆش و خرۆشە گەورەیەی کە کۆمەڵانی خەڵکی لە دوای مەرگی دۆعاوە نیشانیداوە بۆ بنەبڕکردنی ئەم دیاردە ناشیرینەی کۆمەڵگای کوردستان, دەکرێ کاریگەری گەورە لەسەر ئاستی پرسیاری یەکسانی کۆمەڵگای کوردستان جێبێڵێت.

دوای دۆعا, ناکرێ کۆمەڵگای کوردستان بچێتەماڵەوە و لەگەڵ مەرگێکی دیکەدا بێتەوە سەرشەقام. بزووتنەوەی یەکسانی لە کوردستاندا, ناتوانێت بە تەنها نەفرەتی خۆی ئاڕاستەی ئەو هێز و کولتورە بکات کە ئەم نایەکسانییەی کۆمەڵگا بەرهەمدەهێنێتەوە, ئەگەر پەیامێکی بۆ ئاییندە پێنەبێت.

ئێمە لە بەرانبەر , مەرگی دۆعادا, هەر نەفەرەت لە تاریکی ناکەین, بەڵکو دەمانەوێ چرایەکیش لە بەرانبەر تاریکیدا هەڵکەین. بە داخێکی گرانەوە دەتوانین بڵێن کە دوعا دوا قوربانی ئەم شەڕەی نایەکسانی کۆمەڵگا نییە. دۆعایەکی دیکە, لە کاتی نووسینی ئەم دێرانەدا دەکوژرێت. یان دەکەوێتە بەر زەبروزەنگێکی دی.

پێشنییاری ئێمە بۆ بزووتنەوەی یەکسانیخوازی کوردستان ئەمەیە: دەکرێ ڕۆژی بەردبارانی دوعا, 7ی ئەپریلی هەموو ساڵێك, ڕۆژی دەنگهەڵبڕین بێت بەرانبەر زەبروزەنگی بەکارهاتووی بەرانبەر ژناندا.

دەکرێ لە ڕۆژێکی وادا, سەرنجی کۆمەڵگا بۆ ئەو جەنگە ناوخۆییەی دەروونی کۆمەڵگا ڕابکێشرێت کە ژنانی کۆمەڵگا دووچاری دەبن. هەڵبژاردنی ڕۆژی مەرگی دوعا, بۆ ئەم یادە تاڵە, هیچ لە جێگا و ڕێگای قوربانییەکانی دیکەی ناموسپەرەستی کۆمەڵگا کەمناکاتەوە. بەڵکو دوعا ڕوخسارێکی ئاشکرا بەو زەبروزەنگە نەبینراوەی ناو کۆمەڵگا دەدات کە زۆر جار ئاسان نەبووە ببینرێت.

دەکرێ کەسانێك, ڕێکخراو ئەحزاب و کۆمەڵەیەك کە دڵی بۆ پرسیاری یەکسانی کۆمەڵگا لێدەدات و دۆعا لە ناخەوە ڕایچڵەکاند, لە دەوری پێشنیارێکی وا کۆبێتەوە؟

**کەمپینی جیهانی دژ بە ڕەشەکوژی و بەردبارانکردنی ژنان لە کوردستان**